# سەربەخۆیی کوردستان...

# کورترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان!

**بەشدار علی**

جێگای دڵخۆشی بوو کاتێک ڕژێمی فاشی بەعس گۆڕی گوم کرد, ئیتر باسێک لە زوڵم و زۆرداری و چەوسانەوە و برسیەتی شەڕ و کوشتار و ترس و تۆقاندن ئاوارەیی نەمێنێت, جارێکی تر پلە دووی سەرگەردانی جێگایەکی لە کۆمەڵگای عێراق نەمێنێتەوە وە بۆ هەتاهەتایە ئەم شوێنەوارە ناخۆش و ناتەندروستیەی سەر تاکی عێراقی بڕەوێنێتەوە, بەڵام بەداخەوە وانەبوو! ڕژێمی بەعس چەندە قوربەسەری کردە نسیبی خەڵک, بگرە لەدوای ئەم ڕژێمە چەند کەرەت بەرەو زیاد بوون ڕۆیشت, ئێستا دەبینین مانایەک بۆ ژیان, دەرفەتێک بۆ کارکردن, پشوویەک بۆ بیرکردنەوە, پەنجەرەیەک بۆ بینینی شتە جوانەکان نەماوە.

ماڵوێرانی و بێ چارەنووسی و سەرگەردانی و پارچە پارچە کردنی جەستەی مرۆڤەکان, جێگایەکی باڵاتری پەیدا کردووە, ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وەزعیەتی ئەمنی عێراق بەرەو خراپ بوون دەچێت, ئاستی بژێوی هەزاران خێزان لەخوار هەژاریە و هەڕەشەی مردن لە منداڵەکانیان دەکات, پرۆسە سیاسیەکان شکستی خۆیان ڕادەگەیەنن و نیشانیان داوە ئەم وڵاتە بەمانە چارەسەر ناکرێت, ئەم وەزعیەتە بەمانە ڕاست ناکرێتەوە کە خۆیان قوربانی دەستی سیستەمێکی ئیفلیج بوونە و لەژێر دەوڵەتانی فاش و دیکتاتۆر پەروەردە بوونە و ئێستاش هەموو بەرنامە و بیرکردنەویان وەکو دەبینین خەڵکی عێراق زیاتر ڕاپێچی نێو خوێنڕشتن دەکات.

گرێدانەوەی داهاتووی خەڵکی کوردستان بە دەسەڵاتێکی لەم شێوە کارەساتە و شکستێکی گەورەی لەدواوەیە, حکومەت و دەسەڵاتێک کە تاکو ئێستا ناتوانی ئەمنی وەزیر و ئەندام پەرلەمانەکانی بپارێزێ, ناتوانێ بچوکترین پرۆژەی خزمەتگوزاری جێبەجێ بکات, ئیتر چەندە کارێکی نائەقڵانیە داهاتووی چەندین ملیۆن خەڵک بە دەسەڵاتێکی ئاوا ببەسترێتەوە خەون و هیوای هەزارەها منداڵ و گەنج و پیر ئەم مەملەکەتە بە خاک بسپێردرێت, من دڵنیام ئەگەر بەزووترین کات فریانەکەوین بۆ هەتاهەتایە دەبێت خەون بە ئازادی و سەربەخۆی و خۆشگوزەرانی و ڕەفاهیەت ببینین.

جگە لەمانەش خەڵکی کوردستان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لەگەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆری, تۆلیتاری کە بەدەیان کارەساتی جەرگبڕی چەشتووە و بە هەزاران خەڵک بوونەتە قوربانی, هەڵوێست و کارەکانی حکومەت بەغدا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەم مێژووە و ئەم ڕابردووە ناخۆشە, هەر بۆ نمونە زۆرێک لە دەرماڵەکانی فەرمانبەرانی کوردستان لە بەغدا دەبڕێت, زۆرێک لە پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی کوردستان بڕیاری لەسەر نادرێت, هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرا بەرامبەر کەرکوک و ناوچەکانی تر دەرنابڕن بە چەندین شێوە لە هەوڵدا بوونە بۆ هەڵگیرسانی شەڕی تائیفی و قەومی لەم ناوچانە...

خەڵکی کوردستان ئێستا بەدوای ژیانێکی بێ زوڵم و چەوسانەوەدا وێڵن, کار و خەبات دەکەن بۆ وەدەستهێنانی تەواوی مافە فەردی و مەدەنیەکان, لە هەوڵی دابین کردنی زۆرترین خزمەتگوزارین...

بێگومان هەموو ئەمانەش لە جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا دەتوانێ جێ پێی خۆی قایم بکات و ببێتە کارێکی واقیعی لە ژیانی خەڵکی کوردستان.